پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- (کاتێک منداڵ بوو) جبریل -صلى الله عليه وسلم- هات بۆ لای لەکاتێکدا لەگەڵ منداڵەکان یاری دەکرد، وبردی وڕایخست بەسەر زەویدا، وسینگی لەتکرد، ودڵی دەرهێنا، وپارچە خوێنێکی (لە نێو دڵی) دەرهێنا وفەرمووی: ئەمە بەشی شەیتانە لە تۆدا

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- (کاتێک منداڵ بوو) جبریل -صلى الله عليه وسلم- هات بۆ لای لەکاتێکدا لەگەڵ منداڵەکان یاری دەکرد، وبردی وڕایخست بەسەر زەویدا، وسینگی لەتکرد، ودڵی دەرهێنا، وپارچە خوێنێکی (لە نێو دڵی) دەرهێنا وفەرمووی: ئەمە بەشی شەیتانە لە تۆدا، پاشان (دڵی) شۆرد لە دەفرێک لە ئاڵتون بە ئاوی زەمزەم، وپاشان شوێنی بڕینەکانی چاککرد و(دڵی) گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆی، پاشان منداڵەکان هاتن بۆ لای دایکی -واتا شیرپێدەرەکەی- ووتیان: موحەمەد کوژراوە، چوون بۆ لای وڕەنگی گۆڕا بوو، ئەنەس دەڵێت: «شوێنەواری ئەو دوورینەوەم دەبینی لەسەر سینگی -پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

جبریل -علیه السلام- هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کاتێک منداڵ بوو و لەگەڵ منداڵەکان یاری دەکرد، جبریل بردی وڕایخست لەسەر پشتی بەسەر زەویدا، وسینگی لەتکرد، ودڵی دەرهێنا، وپارچە خوێنێکی (لە نێو دڵی) دەرهێنا، کە بنچینەی خراپە وتاوانەکانە لە دڵدا، وجبریل -علیه السلام- فەرمووی: ئەمە بەشی شەیتانە لە تۆدا ئەگەر ئەم پارچە خوێنە بمێنێتەوە لە دڵتدا، پاشان دڵی شۆرد لە دەفرێک لە ئاڵتون بە ئاوی زەمزەم، وپاشان شوێنی بڕینەکانی چاککرد ودڵی گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆی، پاشان ئەو منداڵانەی لەگەڵی یاریان دەکرد هاتن بۆ لای شیرپێدەرەکەی بە ناوی حەلیمە، ووتیان: موحەمەد کوژراوە، چوون بۆ لای وڕەنگی گۆڕا بوو. ئەنەس دەڵێت: خۆی گوێی لەم باسە نەبووە بەڵام پێی گەیشتووە لە ڕێگەی زنجیرەیەک گێڕەرەوە یان کەسێکی متمانەپێکراو بە بێگومان، وشوێنەواری ئەو دوورینەوەی دەبینی لەسەر سینگی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ئەمیش بەڵگەیەکی تری لەسەر ئەوەی سینگ لەتکردنەکە بە هەستپێکراوی بووە وڕوویداوە لە ڕاستیدا بووە، واتا خەون وشتێکی واتایی نەبووە. وئەم فەرموودەیە وهاشێوەکانی پێویستە مسوڵمان باوەڕی پێی هەبێت بە بێ لێکدانەوەی واتاییانە، چونکە پێویست ناکات وهەواڵێکە لە لایەن پەیامبەرێکی ڕاستگۆی بە ڕاستگۆ دانراو؛ وهەروەها ئاماژەیە بۆ هێز ودەسەڵاتی خوای گەورە کە لەسەر ئەنجامدانی هەموو شتێک تواناداره -سبحانه وتعالى-.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10862